## «ماوەی پەیامی ڕێزدار جەواد مەلا، بەبۆنەی جێژنی پیرۆزی نەورۆزەوە»

سۆرە لە بەڕێوەبردنی جێژنی نەتەوەیی خۆی، دڕندانە و نامـرۆڤـانە هێرشـیـان کـردووەتە سـەری و، جـێـژنەکـەیان لێکردووە بە شین و شەپۆڕ.

نەورۆزی خوێناوی شاری سنە لەساڵی، ١٩٧٩ لەلایەن ڕژێمی ئێـرانەوە، کارەساتی هەڵەبجە، لەلایـەن ڕژێـمـی عـێـراقـەوە، بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسـمی نەورۆز لە باکـووری کوردستان کە بەردەوام لەلایەن ڕژێمی ترکەوە، هێرشکراوەتە سـەری. هەروەها کـوشـتـوبڕی کـوردان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری سووریاوە لە نەورۆزی دووساڵی ڕابوردوو، کە بوو بە ڕاپەڕینی جـەمـاوەری لە ڕۆژئاڤـای کـوردسـتـان، چەند نموویەکن لە سیاسەتی هاوبەشی داگیرکەران و دژایەتییان لە گەڵ نەورۆزی کوردان.

بە سـەدان ڕۆڵەی کـورد لەسـاڵی ڕابوردوودا لەلایەن ڕژێمـەکـانی داگـیـرکـەری ئێـران، ترک، سـووریا و عـەرەبە ڕەگـەزپەرسـتـەکـان لە عـێـراق، شەهیدکـران و، بە هەزاران هاوولاتی دیکەی کورد، لەلایەن بە ڕێگیراوانەوە گیراون و، بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن.

لە باشووری کوردستان، کـورد، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ڕەگـەزپەرستی بەعسی عێراق، دەیتـوانی ئەو ڕۆناکـییـەی لەوێوە سـەریهـەڵداوە، بەرەو سـەربەخـۆیی و ڕزگـاریی یەکجاریی ببات و، یارمەتیدەرێکی بەهێزیش بێت بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام مخابن، پێڕەوکردنی سـیـاسـەتی حـیـزبی و، بەرژەوەندیی حـیـزبایەتی لەلایەن دەسـەلاتدارەکـانی کورد لە باشوور، بوونە کۆسپ و ڕێگر و ئەو هەلە زێڕینەیان گـۆڕییـەوە بە سـازکـردنی سـەرلەنوێی عێراقی داگیرکەر و، گەیشتن بە دەسەلاتی کاتی و، پارە و پووڵ و بەرژەوەندیی شەخسی.

هەر بۆیە، خەون و ئاواتی کوردان، سەرەڕای قوربانیدانی بێنەژمار، هێشتا نەهاتووەتەدی و، ئاسۆی کورد، هێشتا لێڵ و تاریکە.

هاوکـات لەگـەڵ بەڕێوەچوونی ئەو بارودۆخـە دژوار و نامرۆڤانەیە لە سەرتاسەری کوردستان لەدژی نەتەوەی کورد بەڕێوەدەچن، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەبوارەکانی دیپلۆمـاسی و ڕاگـەیاندن و سـازکـردنی ڕێکخـسـتنی نەتەوەیی و، پەرەپێـدانی بیـری پیـرۆزی ڕزگـاری و سەربەخۆیی کوردستان، گەشە و پێشکەوتنێکی زۆری



بەدەستهێنا.

**هاونیشتمانانی دڵسۆز و هێژا!**

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، چەتر و دەزگەیەکی نەتەوەییی و کـوردسـتـانییـە کـە بۆ ئازادی ئێـوە و ڕزگـارکـردنی نیـشـتـمـانی داگـیـرکـراومـان کـوردسـتـان پێکهـاتووە. بۆ گەیشتن بە سـەرفرازی و دامـەزراندنی دەوڵەتی سـەربەخـۆی کـوردسـتـان دامـەزراوە. پشـتـیـوانیکردن و هاوکـاریکردنی بەکـردەوەی ئێـوە لە دروشم و داخوازی و ئامانجی پیرۆزی کۆنگرە، بەمانای پشتیوانیکردنتانە لە ئازادی و بەختەوەری و سەربەخۆیی کوردستان.

**نەورۆز و جێژنی گەورەی کورد، ئەو ڕۆژەیە کە کوردستان بە ئازادی و سەربەخۆیی شاد دەبێت! ئەو ڕۆژەیە کە نیشتمانی خۆشەویستمان کوردستان لە بندەستی و کۆیلەیەتیی ڕزگاری دەبێت!**

**تا ئێـمـەی کـوردیش وەک هەمـوو نـەتەوەیەکی سـەرڕووی زەوین، نەبینە خاوەنی دەوڵەت و ئالا و خاک و نیـشـتـمـانی خۆمان، ڕووی خۆشی و جێژن و شادی بە خۆمانەوە نابینین.**

**جارێکی دیکە، جێژنی نەورۆز، لە بنەماڵەی شەهیدان، لە ئەندامان و هاوبیرانی کۆنگرە و لە هەموو نەتەوەی کورد پیرۆز دەکەم.**

بەهیوای گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ!

بژی نەورۆز، بژی کوردستان!

براتان:
دوکتۆر جەواد مەلا
سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
نەورۆزی ٢٧٠٦ی کوردی - ٢٠٠٦ی زاینیی.